کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 22:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بێ گوێدانە ئیرادەی گەلی کوردستان مالکی ڕێکەوتن نامەیەک مۆردەکات ... خالید هەرکی**

سەردانەکەی مالکی بۆ تورکیا و ئیمزاکردنی ڕێککەوتننامەیەک لەگەل سەرانی تورک بۆبن برکردنی پکک، لەگەل دیدو بۆ چونی گەلی کوردستان ناکۆک و نەگونجاوە.



بەرلەوەی مالکی ئەم ریککەوتنە بەنوێنەرایەتی سەرجەم گەلی عێراق مۆر بکات کە گوایە ئێمەی گەلی کوردستانیش بۆ هەندێک لەم جۆرە بابەتانە بەشێکین لە گەلی عێراق دەبێ ئەم بۆچونەی مالکی لەگەل بۆچونەکانی ئێمەدا کۆک وگونجاو بن.

من دلنیام کە سەرجەم گەلی کورد ستان لەکوردستانی باشور تەنانەت ئەوانەی لەگەل بیرو راکانی پکک شدا یەک نین، لەسەر ئەوە یەکن کە پکک بە رێکخراوێکی تیرۆریست نە ناناسن، ئێمە لەکوردستانی باشور رۆژگارێک کە بە هەمان ئەو قۆناغەدا تێدەپەرین کە ئێستا پکک پێیدا دەروات بە بەرەنگاربونەوەمان بەرامبەر بە شالاوە درندانەییەکانی بەعس، ئیمرۆ و ئەوکاتیش شانازیمان بە هەلوێست ئەوسای گەلەکەی خۆمانمان دەکرد لەو قۆناغدا، دیارە کە تیرۆر بە تیرۆر بەرپەرچ دەدرێتەوە حکومەتی تورکیاش کە سالەهای سالە تیرۆری گەلی کوردستانی باکوردەکات بەناچاری تاکە رێگەی کە بتوانرێ بەرگری لەم بێ دەسەلاتان ەبکرێت هەلگرتنی چەکە بۆ داکۆکی کردن لە مانو نەمانیان ئەوەتا و هەمو دونیا ش خۆی لە ئاست تاوانەکانی عەسکەرتارەکانی تورک بێدەنگ و کەرو لال کردوە کە دەکات هەمان هەلوێستی دونیا لە ئاست کێشەی باشور کاتێک سەدامی گۆربەگۆر دژ بەگەلی کورد لە کوردستانی باشور چەکی کیمیایی بەکار دەهێناو گوندو دێهاتی زێدی بابو باپیرانمانی خاپور وکاول دەکرد دونیا ئەمرۆ کە خۆی بە فریشتە نیشان دەدات چونکە لەگەل بەرژەوەندیەکانیان یەک نەبون هەمان هەلوێستە نامرۆڤانەی ئێستایان هەیانبو کە سەبارەت بە کوردستانی باکور هەیانە.

بۆ ئەم مەبەستانە ووەکو درێژە پێدان بە بەرگری کردن لە دۆزی گەلی کورد لە سەرجەم کوردستان دەبێ گەلی کوردستان ئەگەر حکومەتەکەشی لەژێر کاریگەریی هەندێک دیدو بەرژەوەندیی تەکتیکیانەدا هەندێک مساوەمە بکەن، بەلام دەبێ لەرێگای ترو کەنالەکانی تری فشارەوە جەخت لەسەر بەرەوایی کێشەی کوردی کوردستانی باکوربکەن وپێ لەسەر تاقە چارە دا بگرن ئەویش کە چارەسەریی ئاشتیانەیە بۆ کێشەکە نەک رێککەوتن لەسەر بن برکردنی ئەم تاقە تروسکایەی گەلی کوردستانی باکور بەرێگەی لەشکرکێشی و سەربازیەوە.

هەندێک سەرچاوە ی حکومەتی کورد ستان وا رادەگەیەنن کە سەردانە کەی مالکی بۆ تورکیا سەردانێکی سەرکەوتوانە بو، ئەوەی لە میدیاکانی جیهان بەگشتی وعەرەبی و تورکی بەتایبەتی دەبیستین و دەخوێنینەوە دەبێ سەردانەکە پیلانێک بێ بۆ لێدانی بزاڤی گەلی کورد لەکوردستانی باکور.

لە چەندین نوسینی ترم دا ئاماژەم بەوەکردوە کە هەلوێستی ئەو بەرپرسانەی لەسەر بنەمای قەوارەی گەلی کوردەوە لەپۆستە سیادیەکاندا پۆستیان گرتۆتە ئەستۆ دەبێ لە ئاست پێویست بن، بونیان لەم شوێنە گرنگ وپربایەخانەدا دەبێ هەست بەبونیان بکرێت وجێ پەنجەیان لە کۆبونەوەکانداو لە بەیاننامەو رێککەوتننامەکانی نێو نەتەوەیی وهەرێمیدا دیار بێ، دەنا هەروەکو چەندین جار ئاماژەمان بەم مەترسیانە کردوە دوبارەیان دەکەینەوە کە مێژو بێ رەحمە بەرامبەر ئەوانەی لەسەر حسابی دۆزی نەتەوەکەیا خزمەت بە گیرفانی کەسیەتیی خۆیان و حیزبەکەیان دەکەن ئەم پۆستانە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
9-8-2007 22:49 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەمانەتێکە ووەفاداریەکەبەرامبەر بە خوێنی شەهیدەکان ئەم پۆستانە لەپر وبێ خوێن وەدەست نەهاتون، دەبێ وەک گلێنەی چاو بیان پارێزین بە ئەمانەتەوە مامەلەیان لەگەلدا بکەین

ئەمرۆ دونیای کورد بە هەمو پارچەکانیەوەو لە هەمو شوێنەکانی هەندەران چاویان بریوەتە ئەم نیمچە دەسەلاتەی باشوری کوردستان بەئومێدەوە سەیری دەکەن کە بۆ دۆزی ئەوانیش کاریگەریەکی لەسەر کەم کردنەوەی فشارەکانی داگیرکەران هەبێ. دەپرسین بۆچی ڕەوایە دەسەلاتی عەرەبی عێراق بەوپەری ئازادی وسەرفرازیەوە بەرگری لە عەرەبی فەلەستین بکا وتائیستاش هیچ ولاتێکی عەرەبی ئامادە نیە بزوتنەوەی حەماس بە تیرۆریست ناو ببات هەروەک ئەمریکا نیاز و مەبەستیەتی کەچی دەسەلاتی کوردی ئەگەر بە ئاشکرا وراستەوخۆش بە ناونانی پکک بە تیرۆریست ناو نەبردبێ بەلام قەبولی ئەوەیان بوە هاو پەیمان وهاو حوکمرانانیان بەتیرۆریست ناوی پکک ببەن بە یەکەوە لەسەر یەک بەیاننامە ی هاوبەشی واژوی بکەن، ئەمە چی دەگەیەنێ مەگەر هەمان مەبەست وخواستی دوژمنان ناگەیەنێ؟

لەم سۆنگەیەوە دەخوازم کە سەرەکردایەتیی کوردستان بەرونو ئاشکراو بێباکانە ئەوە بە هاوپەیمانان و دەسەلاتدارانی بەغدا رابگەیەنێ کە هیچ کاتێک ئامادەنیە لەسەر هێچ رێککەوتن نامەیەک رێک و کۆک بن کە تیایدا هیچ حزبێکی خەباتگێری پارچەکانی تری کوردستان بە تیرۆریست ناو ببات دەنا من پێم وایە ئەگەر کار وابروات کاتێک با ئاگادێین کە دەبینین لە سەنگەرێکداین دژ بەمیلەتەکەمان دەجەنگین و هاوشان لەگەل دوژمانی گەلەکەمان.

www. serben. com
khalidherki@chello. nl

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.